

# XALXALOKE

# خالخالۆکە









XALXALOKE-12 - 2004*GOVAREKI WERZI ZAROKANE*AHMAD DASHTI DERI DEKAT

## چەند یەیڤێک بۆ زارۆکە ئازیزەکان

منداڵەئازیزوخۆشەویستەکانمان ڕۆڵەکانی دوارۆژی کورد وکوردستانی لەهەمووشتێکمان خۆشەویستر،وا ئەمجارەش لە ئاسۆی خالخالۆکەی خۆتانەوە بەیەک دەگەینەوەوە دیسان لە گەل ئێوەی خونچەگولانی ئەمڕۆ و ماقولانی سبەی ڕۆژانی پڕ لەشانازی و بەختەوەری گەلی کورد دەدوێین و بەوئاواتەوەین کەئێوەی خۆشەویست ژیرانە بخوێنن چونکەتەنیابەخوێندن دەگەنە ڕۆژانی بەختەوەری و دەبن بە کەسایەتیەکانی ناوداری دوا ڕۆژی کوردستان و خۆتان زاناو دانا بکەن و لە ڕێگەی زانست دا هەمو تەمەنی مندالی و لاویەتی خۆتان بەرنە سەر و فێری زانست و زانیاری ببن کە تەنیا زانست و زانیاریە مرۆڤ بە خۆشبەختی وسەربەرزی دەگەیێنێت ، خۆ هەمو گەلانی جیهان بە زانین و زانست ئاوا پێشکەوتوونە و دەبینین لە چە ئاستێک دان ، هەر کەسێک کە لە تەمەنی مندالی را خۆی لە دەست بدات و نە خوێنێت و دوایی کار لە کار دەترازێ و زیانێکی زۆری پێ دەگات و پڕلە ڕەنج و ئازار دەبێت.تەنیا خوێندن و زانین مرۆ سەردەخات .

## هونەرمەندی مەزنی کورد




بڕۆ بۆ لاپەرە 18

## پەنـــــدی ژیان

بچۆ بۆ لاپـــــەڕە 7

## وەرزی پایزی ساڵ

هەموو ساڵێك کە دێت و دەڕوات بە چوار وەرزی خۆی تێ دەپەرویت و بۆ لاپەڕە 3

## گۆڤاری ئەستێرە

نامەیەکی پڕلەخۆشەویستیمان لەلایەن هێژاو بەرێز مامۆستا جەمال خەزنەدارەوە بۆ هاتووە کە سوپاسی هەستی پڕلەخۆشـــــــەویستی بۆ گۆڤاری خالخالوکە دەکەین...بۆ لاپەرە 9

## دڵداری نەمر.بۆل12



## کار کردن جەوهەرە

هەرگیز کاری ئەمڕۆت مەخەرە سبەی چونکە کەسێ لە سبەی ناگات کە چی ڕوودەدات. بۆ ەموو کارێکیش پێویستە کە بیـــرو ئەندیشەت بەکاربێنیت وپلانی بۆ دابنێیت ، نابێ هەرگـــــیز لەکار کردن دا دوابکەویت.

## چاو بەناز

بۆ ل4

## مەتەڵۆك

بۆ لاپەرە11

## زەنوێر

: بۆ ڵ 14

## فڕۆکەی میللی کورد

بۆ ل16



## تابلۆکانی هونەرمەندخوناو دەشتی

بۆ ڵ19



## ڕەنگاوڕەنگ

لاپەرە20

## ئاژەلانی پەیڤگۆ

بۆ لاپەڕە 17

# جوانترین ئەوین خۆشەویستیە بۆگەل و نیشتمان

## پێشمەرگەمە    ئەحمەد دەشتی

دەڕۆم دەڕۆم  بەرەو هــــــەوار
بەرەو لوتکەی  بەرزی  بەهـــار
قەت ناســـــرەوم  بۆ کوردستان
پێشــــــمەرگەمە بە دڵ و بە گیان
نیشــــــتمانی خۆم  خۆش دەوێ
قەت ســــەر شۆڕی خۆمم ناوێ
گەر ســــــــەربەخۆو ئازاد نەبم
قەت ئارام و شـــــــادمان نابم
بۆیێ لە ڕێی ســــــــەربەخۆیی
هەرگیز ســــــەرم ناکەم نــەوی
کوردم بە قـــــوربانی خاکم دەبم
بۆ کوردســــــــــتان سوپەر دەبم
لە ڕێی خەبات قەت ناوەســــــتم
پێشمەرگەمە گیان لە دەســــــتم
بە دڵــــی پــاک و ورەی بـــــەرز
ڕزگار دەکەم گـــــەل و ئـــــەرز
دەڵێم بژی کوردســـــــــــــتانم
بمرن پەســــــــــت و نەیارانم

## بالندە ئازاکان

: دەیگوت:کوک کوک!لە هیچ شتێک مەترسن و لە ناو گوفەکدا بگەڕێن وخواردن و دانەوێلـە بۆخۆتان پەیدا بکەن ئەمن ئاگاداریتان لێ دەکەم و دەتان پارێزم،لە سەر بانەکەشـــــەوە کۆتریک بە گمەگم دەیخوێند و بەچکەکانی دەلاواندەوەو دەیگوت:لە لای من بمێننەوە چونکە هەتاکو لە پال منەوە بن من نایەلم کە هیچتان بەسەر بێت.  قەلێکیش لەو ناوە دا پیاسەی دەکرد و بە قڕە قڕەوە بۆ ئەملاو ئەول دەهات و دەچوو و دەیڕوانی زۆری بە فێز و شـــانازی بە خۆکردنەوە دەیگوت: منیش هەم لێرەم و هەم.  بەو شێوەیە هەموویان گەلیک بە خۆیانەوەیان دەنازی وشـــــــانازیان بە هێزو توانای خۆیانەوە  دەکردو دەیانگـــوت ئەلە خۆمان بچوکتر وانی تر دەپـــارێزین. لە ناکاودا هەڵۆیەک  لە ئاسمانی ئەو دەورو بەرە وە دەر کەوت لەو بەرزاییە بالی لێک دەدا و دیار بوو کە لەراو دەگەڕا.  چۆلەکەکە بە جریوە جریوەوە هاواری کرد و گوتی: ئەها دزە دز ! هەمووتان وریابن دزێکی زۆر دڕندە و باڵندە کوژ وا لە ئاسمانەوەیە و هات و لە ڕاو دەگەرێت ، لەو کاتەدا چۆلەکــە پیرە بە فشەفشەکە کە لە ناو دارەکان دا خۆی حەشار دابوو لە گەل خزمانی دا خۆی  ون کرد و لەو ناوە دا دیار نەما.  کەلەشێرەکەش قوقاندی و یەک بەخۆی هاواری کرد و گوتی:ئامادە بن ئامادە،خێراکەن خێرا،ئەوسا لە گەل مریشکەکان لە بن دەوەنێک دا خۆیان شاردەوە. کۆترەکەش لە شەققەی بالی داو فڕی و فڕی و چوو بۆ ئاسمانەوە. قەلەکەش بە تەنیایی لە جێگەی خۆی  مایەوەو دەستی کرد بە پشمین و جنێودان بە دزەکە و یەک بە خۆی هەل دەبەزیەوە و دەڕۆویشت و زۆر بە تووڕەییەوە دەیگوت: کووڕ کووڕ کووڕ! ئەی دزەکە ئاگاداربە هیچ کەس بێزار نەکەیت،قەلەکە سەیری ئەولاو ئەملای خۆی دەکرد و بینی کەوا چۆلەکەکەو یارانی وا جارێکی تر دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و لەولاوەش کەلەشێرەکە  مریشکەکەکانی وەپێشـــــەوەی خۆ دا بوو و دەهاتنەوە  ســـەر گوفەکەکە،چۆلەکە بچوکەکانیش هێواش هێواش دیار بون دەگەڕانەوە بۆ  سەر گوفەکە.کە هەلۆکە دیار نەما ئیتر هەر یەکە بە ئارامی خەریکی دانە چنینی خۆیان بوونەو.

زۆر سوپاس بۆ کاک مارف کۆیی بەڕێز بۆ ناردنی ئەم چیرۆکە بۆ خالخالۆکە بە هیواین کە بەردەوام بێت و خاخالۆکەمان پڕ ناوەرۆکتر بکات.

هەرکێ مەرد بێت هەرگیز دژ بە گەل و واری خۆی نابێت.

# زەردی پایز



له هەمو ڕویەکەوە، وەرزی پایزیش تا بڵێی دڵگیر و پڕ له شادیەو خەلکی کوردستانی ڕەنگینمان بە تایبەتی پاڵەو سەپان و جوتیارانمان بەدڵی شادەوەلەم وەرزەدا بەرو بوومی ساڵێکی هەول و خەبات و تێکۆشانیان وەدەست دێنن و ئازۆقەی ساڵێک ژیانی ماڵ و منداڵانیان بە تەواوی دابین دەکەن و خۆیان دڵنیا دەکەن لە بارەی ژیانی ڕۆژانەی داهاتویان،لەکوردستاندا هەموو جوتیارێک ئازۆقەی ساڵیک دا دەدەنێت و چاوەڕوانی هاتنی زستانی سارد و پڕ له بەفرو بووران دەکەن ، ئالیکی مەڕوماڵاتیان لە گیاو کاوجۆ بۆ تەوای وڵساتاتەکانیان دابین دەکەن ، لەدوای هەلگرتنی خەرمانان ژیانی ساڵێکی خۆیان وماڵ ومنداڵانیان وئاژەڵانیان بە دڵنیاییەوە عەمبار دەکە ئێتر بەشادمانیوە پشووی خۆیان لێ دەدەن ئەوسا شەوانی ساردو سری زستان کە دیت کۆڕی مەجلسەکانان لە دیوەخانانیان و مال و شوێنە تایبەتیەکانیان بە یاری کردن و کلاومستانێ و گەلێ بازی تری شەوانەو گێڕانەوەی داستانە کۆنەکانی گوێی ئاگردانان و کونجی دیوەخانان ومزگەوت و ماڵانیان گەرم دەکەن و تا نیوە شەوان بەنکتەو جەفەنگ و پەیقی شیرین و شادیان دەبەنە سەر و ئەوسا بە دڵنیایی دەچنەوە ناو پێ خەفەکانیان و لێ دەکەونە پرخەی خەو و جهانێکی تری شەوانی ژیانیان دەبەنە سەر.وەرزی پایزیش وەکو هەموو وەرزەکانی تری سال بریتیە لە سێمای ڕەنگین و جوانی پایز . کەژی پیایزیش وەکو هەموو وەرزانی تری ساڵ لەکوردستان دا سی مانگە و ،ناوی مانگەکانیش ئەمانەن:.مانگی خەرمانان کەبە مانگی جۆخین هەلگرتن ومێوەجات و خەرمان کوتان وهەوای گەرم ناسراوە، لە دوای مانگی خەرمانان مانگی ڕەزبەرەو کە لەم مانگەدا تەواوی ڕەز و باخەکانی مێـــــــــوەجات بەر دەگرن ،لەدوای ڕەزبەریش مانگی خەزەلوەر دیت ،لەم مانگەش داتەواوی درەختانی لێر و باغ و هەموو شوێنێ گەلای زەردی پایزی دەوەرێنن و دیمەنی گەلای هەلوەریوی سەر زەوی و خشپ و هۆڕی ژێر پای مرو لە کەنار پەرژین و سەر ری و بانان هەستی شاعیران و دڵناسکان و هەموو کەسێ دەخورپێنێ و خۆشەویستیسیمایینیشتمانلەدلێ مرۆزیاتر دەدەسەپێت ، خەزەلوەریش دوا مانگی وەرزی پایزەو هەوای کوردستان بەرەو ساردی و سری دەڕوات و ئیتر زسانی ساردو بەفر و بوران وردە وردە لە دوای خەزەلوەر دا خۆی دەنوێنی و سەری دۆندە بەرزەکانی دەلگوردو سەکری سەکران و گمو ۆ گارە و مەتین مەندیلی سپیان لە سەر دەنێن و بە خەلکی کوردستان دەلێن وا زستانی ساردو سڕ لە ڕییەو خۆتان بەتەواوی ئامادە بکەن و کەل و پەلی باش لە بەر بکەن و بەرگی هەژاران دراو هەوا بەتەوای دەگۆرێت ڕەوەندەکانیش لە هەواری کوێستانان بە مەڕو وڵساتانیانەوەبەرەو گەرمێن دەگەرێنە و قاز و قورینگ و مراوییش بە یەکەوە لە کوێستانان پەرواز دەکەن و ئەوانیش بەرەو گەرمێن دەگەرێنەوە،راوچیانی پیشەییش لە دەشت و کێو ان دا لە دوای راوی خۆیان دەگەرێن و لەو بنار و دەشت ودەر و ئاقارانە دا دەسوڕێنەوە وئەسپ و ماینی شێی خۆیان تاو دەدەن و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی کوردستانەوەو و هیوای ڕاوێکی باش ولەبار بە گۆرانی دەوەرە گولێ گولەجوانێ سنگ سپیێ لێو قەیتانێ و لاوک و بەستەو حەیرانی حەسەن حەیرانی و ڕەسول گەردی نەمر بە دەنگی بەرز دە چڕن و ڕاوی خۆیان دەکەن،دیمەنی ئەو دەرو دەشت و کوێوانە ئەوەندە دلگیر دەبێت کە مرۆ هەرگیز لە ڕوانیان تێر نابێت و وەرزی پایز وەرزی گەلا ڕێزانە و تایبەت مەندی خۆی هەیەو لەدوای پایز ئیتر وەرزی زستانی ساردو سری پر لە بەفرو بوران دێت و،کە وەرزی زساتنیس دێت ئیتر جهانێکی پڕ لە بەفرو باران وەدی دەکرێت وئاو و هەوا بە جارێ دەگۆڕێت .

سی مانگی پایزی هەر ساڵێک کە دێت بریتین لەـ مانگانە
1- خەرمانان -2 مانگی ڕەزبەر. 3- مانگی گەلا ڕێزان.

سەربەرزی هەموو مرۆڤێک لەوەدایە کە تا مردن خزمەتگوزاری گەل و نیشتمانی خۆی بێت و وەڵاتی شیرینی خۆی خۆش بوێت

# چاو بەناز پاشماوەی ژمارە 12

چاوبەناز گوتی: نام بینی کە چەند پیرو بێ هێز بویمەو لەو هەمو ژیانی لاویەتیم دا جگە لە یادگاری وبیرەوەریەکانم شتێکی ترم بۆ نەماوەتەوە، بیرەوەریەکانی خۆشم بە زەحمەت باوەڕیان پێ دەکەم کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئاوا بووبێ؟ -ئاوازەکە پرسی و گوتی:مەگەر بڕیار وابوو کە هەر بەلاویەتی بمێنیتەوە؟ ...... لە ژمارەی پێشوودا تا ئێرەمەگەر بڕیار وابوو کە هەر بە لاویەتی بمێنیتەوە؟مان لە ژمارە 12 دا خوێندەوە . ئەمەش بەشێکی ترە لەم بابەتە کە لە زمانی فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی :

-چاوبەناز لە وەرام دا گوتی:تۆ ئەوە نازانی کە پیری چیەو چۆنە؟بۆ تۆ، ڕۆژگار و چەرخی زەمانە وەستاوەو لە خول دانیەو تۆ هەمیشە بە یەک جۆر ماویەتەوەو گۆڕانت بە سەر دا نایەت،تۆش ئەگەر وەکو من ئاسکێک دەبووی و کە سالەهای سال گەنج و لاوو پڕ لە هێز وگوڕ دەبووی و ئێستاش لە گەڵ هەر هەنگاوێکتا بە نیگای پڕ لە حەسرەت و خۆزیات سەیری مامزانی لاو و پڕ لە توانات دەکردن و خۆشت ئێستا پیر و پەک کەوتەو بێ هێز و گوڕ دەبووی ئەوسا بەم شێوەیە داوەریت نەدەکرن و ئاوات ناگوت،سالانی لە مەو بەر کە هێشتان هەر لاو بووم ئەوەندە پڕ لە هێز و توانا و چالاکی بووم کەهەرگیزحەزم نەدەکرد تەنیا ساتێکیش شەوم بە سەر دابێتن، هەمیشە هەر لە ئێوارەوەرا کە بەرەبەری خۆر ئاوابوون دهات بەئارەزوو و هیوایەکی زۆرەوە بە ئاواتی هاتنی ڕۆژی دوایی و هەلاتنی خۆرەتاوی تازە دەبووم و زۆر بە چاوەڕوانی و هیواوە دەچوم دەنوستم ، کەچی ئێستاکەش وا زۆر بە ئاواتی ئەوەم کەوا زوو ڕۆژم ئاوا بێتن و شەوم بە سەر دابێتن ، تاوەکو بچم بنوم وهەتا بەو خەوەوە ئەو هەموو خەم و ئازارانەی کە لە ناو دل و دەروونم دایە بۆ چەند ساتێک لە بیریان ببەمەوە. -ئاوازەکە لە وەرام دا گوتی:تۆ بە خۆت مەرگت بە ڕەوا نەدی کە مەرگ دەیتوانی دوایی بەم هەموو خەم و حەسرەت و ڕەنج و ئازارانەش‌بێنێت.-چاوبەناز گوتی:من مەرگ بە باشترین وچاکترین ڕێگەی چارەسەری نازانم وئاوای نابینم .

-ئاوازەکە زۆر بە دلۆقانی و لە سەر خۆییەوە گوتی:ئەی تۆ چە ڕێگە چارەسەریەکت لا باشترەو بە باشی دەزانی؟ -چاوبەناز کە خەم ونا ئاراری گەلوی گرتبوو لە وەرام دانەوەدا بۆ چەند ساتێک بێ دەنگ بوو و پاشان گوتی:بیر کردنەوەی ئاسکێکی پیر و بێ هێز و بە سالاچوی وەک من چ گرنگیەکی هەیە بەتایبەتی ئەگەر وا بیر بکاتەوە کەوا هیواو بۆ چونەکەی ئەو وەدی نایێتن و نرخێکی نیە؟ -ئاوازەکە بە نا ئارامیەوە وەرامی دایەوەو گوتی:هیچ شتێک و کارێک نیە کە وەدی نێتن ومەحالبێتن. –

چاو بەناز بە دوو دلیەوەگوتی: باوەڕ ناکەم ئەمە ڕاست بێت کە تۆدەیلێت.

ئاوازەکەبە دلنیاییەوە گوتی:باوەڕ بکەو چیت دەوێ بیلێ.

–چاوبەناز داوای کرد و گوتی:من دەمەوێ هیچ مامـزێ پیر نەبێت و ئەوەی کە پیرش بووە جحێل بێتەوەو بگەڕێتەوە دەورانی لاویەتی خۆی.

-ئیتر ئاوازەکەنەماو بێ دەنگ بوو.

تیشکی زێڕینی خۆرەتاویش لەو کاتەدا خۆی وەدەر دەخست و تیشکی گەرمی لەدەم کەلەوە هاتە دەرەوەو لە چاوە گەش وجوانەکانی چاوبەنازی دەداو ئەوی لە خەوا ڕادەپەڕاند و کە واگا هات خۆی لە ژێردرەختەدیرین وبە سالا چووەکەوە دیەوە،ئەوسا لە شوێنی خۆی هەستایەوەو زۆر بە سەر سوڕمانەوە

بۆڵ5

نکتە:دوکەس زۆر بە توڕەییەوە بە شەرهاتن یەکێکیان بەویتری گوت کابرا بەسیەتی گوو مەخۆ! کابرای تر زۆربەتوڕەیەوەو خەنجەری هەلکێشاو تاوی کابرای داوگوتی:ئەوە لەگەڵ کێتە گۆ مەخۆ؟.ئەوتریش خۆی تێک نەداو گوتی دەبخۆ بخۆ .

هەستی بەوە کرد کەوا هیچ ماند و بوون و بێ هێزی و بێ. توانایی لە لا نەماوە،چەند هەنگاوێکی کە هاویشت هەموو هێزو توانای جارانی لاویەتی خۆی هەست پێ دەکردەوە،ئەوسا بە ڕا کردن و باز بازێنێ بۆ لای دەشتی پان و بەرین و لانەی ژیانیەوە ڕای کردو بەرەو وێ گەڕایەوە ،کە گەیشتە شوێنەکەی خۆی دیتی کەوا ئەو دەشتە بە تەواوی گۆڕاوەو هیچ ئاسکێکی پیری لێ نەماوە و تەواوی مامزەکان وا خەریکی باز بازێنن و هەتا بلێی شاد و خۆشحالن ،ئیتر لەو کات بەولاوە هیچ مامزێکی پیرو بێ توانا لەو دەشتەدا نەدەبیندرا. ڕۆژگاران هاتن و سالەهای سال بە سەر چوون،ئیتر ئاسکەکان هەر بە لاویەتی دەمانەوە، هەموو سالێک ژمارەی ئاهوەکان زیاتر دەبوون ،ئاسکەکان سەریان سوڕمابوو لەوەی چونکە هیچ کات ئەو دشتە ئاوا پڕ لە مامز نەبوو بوو و وا زۆر نەبوون و هیچشیان پیر نابون و ڕاویش ناکران و هەر زۆر دەبوون ئیتر چاوبە ناز ئەوەندە زاو زێی کردبوون کە تەنانەت زۆربەی زۆری بێچوەکانی خۆشی کە گەورە بوو بون نەی دەناسیەوە. بەرەبەرە وای لێ هات سیمای ئەو دەشتە گۆڕا، ڕەولگاو تەڕاش و پاوانەکان و گیاو گۆل و خۆراک بەشی ئەو هەموو ئاسکانەی نەدەکردن،لە زۆر شوێنی زەوی دا گیاو گۆل نەمابوو،سەر زەوی ئەو دەشتاییە بە تەواوی ڕووت بیووەوە پنجە گیایێکت لەو سەر زەویە وەدی نە دەکرد،ئاوی جۆگەو ڕوباران و کانیاوان بەرەبەرە بە هۆی گەللەی زۆری ئاسکەکان شێلو دەبون و بەرەو کەمی و وشکی دەچوون،دەشتی جوان و ڕەنگینی جاران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوهەژاری و قات و قڕی دەچوو،مامزەکان هەروا برسی ترو تینو ترو بە تەماع تر دەبوون،بەرامبەر بە یەک و تا دهات لە گەل یەکتری بێ بەزەیی تر دەبوون و تەنانەت لەسەر یەک بەرگە گەلای داریش شەڕیان لە گەل یەکتر دەکرد و وەزعەکە زۆر نالەبارو ناجوور بووبوو ڕۆژێ لەڕۆژان کارمامزێکی بچکۆلا نە کە ڕەنگە هەر لە نەوەکانی چاوبەناز بوبێتن لە سەر پنچە گیایێک لە گەل چاوبەنازدا کەوتە مشت و مڕ و هەللا،لە بەر ئەوەی کەوا خۆی بێ بەش لە و پنچە گیایە دیت و زۆر بە توندی و هاوارەوە لە سەر چاو بەنازی قیژاندو گوتی: ئەمە بەشی منە،ئێوە سالەهای سالە بەش و سودی خۆتان لەم دەشتە وەر گرتووە. چاوبەناز هەرکە ئەم قسانەی بیست دلی زۆر ڕەنجاو گەلێک نائارام بووو،پاشان زۆر بە دلتەنگی و خەمەوە ئەو پنچە گیایەی بۆ ئەو بە جێ هێشت و ڕۆیی. ئاسکەکان هەموویان لاو بوون بەلام ئەم جۆرە ڕوداوانە بە زۆری ڕووی دەداو هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبۆوە، چاوبەناز سالانی ڕا بوردووی هاتەوە یاد،ئەو ڕۆژگارانەی کەوا بۆ یەکەمین جار چاوەڕوانی وەدونیا هاتنی مندالانی خۆی دەکرد،هاتەوە یادی کەوا ئەو هەموو خۆشی و شادی وجۆش و خرۆش و ئەو دەورانەی کە پڕ لە هیوا و ئارەزوو بوو،ئێستاش جۆرێکی ترەو هەموو شتێ گۆڕاوە و ئاوا نا ئومیدی و بێ هیوایی ئەو دەشتەی داگرتۆتەوە، هەرکاتێ کە بێچوەیەکی تازە وەدنیا دێنێ وا هەست دەکاتن کە ئەو بێچوە بێگانەیەو ئەویش بە چاوێکی غەریبانە سەیریان دەکات و بە هاتنە دونیای ئەوە وە گیر و گرفتی بۆ دروست دەبێتن کە ناچارە چەند کاتێک بەبێ تاقەتی لە گەلیان بێت تاوەکو گەورە دەبن و بچنە ڕێگەی خۆیانەوە،هەموو شتێک بۆ چاوبەناز دووبارەو ماندوویی وەدی دەێنا، تەنانەت توانای بەیەکەوە بوونی لە گەل شاخ زێڕیینش ئەوەندە نەمابوو،لە گەل ئەوەش دا شاخ زێڕین هێشتان هەر بە هێز ترین مامزی ئەو دەرو دەشتە بوو، هیشتان شاخەکانی لە کاتی خورئاوادا هەر بە ڕەنگی زێڕین دەبریقایەوە ،هەموو ڕەفتارێکی شاخ زێڕین لە لایەن چاوبەنازەوە جێگەی پێشبینی بوو،وا هەستی دەکرد . بۆ لاپەڕە 6

---

**ئایا دەزانی ؟**

- شەمشەمە کوێرە دەزێت و شـیری لە مەمکی دێت و تەیریشە و دەشــفرێت.
- ئایا دەزانی کە حوشتر دوو گەدەی هەیە ؟

که له جووتی خۆی دا هیچ شتێکی نوێ دیار نیە تا ئەو بە زەوق و شەوقتر بکاتن، ئەوەشی باش دەزانی کەهەستی شاخ زێرینیش بەرامبەر بە ئەو هەر ئاوایە. تەواوی مامزەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا بەرامبەر بە یەکتری نامۆ و بیانی تر دەبوون و شەڕو شۆڕ و بەربەرەکانی یەکتر کردن هەر لە زیادەو زێتر دەبوو،ئیتر ئەو هەمو هەست و شادی و خۆشی جاران نەما بوو، هەمو کاتێ شەڕ لە سەر خواردن و خواردنەوە پەرەی دەســـــەند و هیچ ڕوداوێکی دلخۆشکەرانە کە نرخی چاوەڕوانی هەبوو ڕووی نەدەدا،ڕۆژ ئاوابون، هەلاتنی خۆرەتاو، سروەی فێنک، باران و مانگ و ڕۆژ، ئەستێرەکان و هەموو شتێک،هەر دوبارە بوون، هیچ خۆشی و شادیەکیان تیادا وەدی نەدەکراو هیچی پێوەنەمابوو,هەمووی جێگەی بێزاری و دووره شادی بوون،بێ هیوایی و نائومێدی دای گرتبوون. ڕۆژێک لەو ڕۆژانەدا چاوبە ناز سەری خۆی هەلگرت و بە دلێکی شکاو و پڕ لە حەسرەت و ڕەنج و ئازارەوە ڕێگەی گرتە بەر و دیسان بەرەو جەنگەلەکە ڕۆیشتەوە و پەنای بردەوە بەر وێندەرێ،حەزی لەوە دەکرد کەوا هیچ مامزێک نەبینێ تەنانەت بێچوەکان و شاخ زێرینیشی لێ دوور بێتن،دوای ماوەیەک ڕۆیشتن لە ناو جەنگەلەکەدا دیتی کەوا جەنگەلیش لە هێرشی ئاسکەکان بێ ئەمان نەبووە،گەلای درەختان تا ئەو شوێنەی کە گەردەنی مامزەکانی دەگاتێ هەموو ڕوت و قوت بوهتەوە. و تەواوی زەوی لە ژێر پاو سمی مامزان ببو بە خۆل و ڕوت کرابۆوە و وەک بیبانی لێ هاتبوو. چاوبەناز سەرگەردان و بێ ئامانج و دل پڕ لە جەفا بە ناو جەنگەل دا دەڕۆیشــــــت، زۆر بە پەریشـــــانی و ڕەنجدیدە دەیڕوانیە شوێنەواری هێرشی مامزەکان،لەناو خەمان و دلی پڕ لە ئازاریەوە نەیزانی کەوا کەی خور ئاوابووەو شەوی بە سەر داهاتووە،ئیتر لە ناکاو داخۆی لە ژێر هــــــــەمان دارە کۆن و بە ســــــالاچووەکەی جاران دۆزیەوە، سەیری بەژن و بالای ئەو دارەی دەکرد، زانی کەوا گەلاو لق و پۆپی ئەو دارە دیرینە لەوە بەرز ترە کەوا بەر شالاوی هێرشی ئاسکەکان بکەوێتن و دەمیان بە هیچ شوێنێکی ئەو دارە ناگاتن،ئیتر لە ژێر سایەی ئەو دارەدا چۆکی دادایەوەو زۆر بە پەرێشانی و نگەرانیەوە گەردەنی خۆی خستە سەر ئەو ڕەگە دارەی کە لەسەر زەوی هاتبووە دەرەوە، هەندەی پێ نەچوو خەوی لێ کەوت و چوو بۆ جیهانی خەیال وخەووەوە. ئەمجارەش خەونی بینی و لە خەویادا بوو کەوا درەختی کۆنە سال و پڕ لە لق و پۆپ و دێرین بووە بە دەروازەیەک و ئەویش لەو دەروازەیە چووەتە ژوورەوەو خۆی لە هەمان شوێنی جارانی جوان و ڕەنگینی پڕ لەشادی و خۆشی خەونەکانی پێشوی دۆزیەوە و کەوا هیچ گۆڕانکاریەکی بە سەردا نەهاتبو،ئیتر لەوێ تا سەر کانیاوەکە ڕۆیشت و سەری خۆی هێنایە خوارەوەو تا کەمێ ئاو بنۆشێت و لەو کاتەدا وێنەی خۆی لە ناو ئاوی کانیاو پاک و بێ گەردەکە دیەوە و زۆر هەراسان بوو لە ڕوانینی وێنەی خۆی لە ناو ئەو ئاوە پاک و بێ گەردەی کانیاوەکە دا سالەهای سال بوو کە ئاوی ئاوا ڕوون و پاک و زولالی لەو دەشتیاییەوە وەدی نەکردبوو تاوەکوو سیمای خۆی تیا ببیتەوەو بڕوانێتە خۆی،ئیتر دەیڕوانیە ناو ئاوەکە و دیسان هەر خۆی بوو لە ناو ئاوەکەدا دیار بوو،بە هەمان چاوە ڕەش و جوانەکانی لە خۆیەوە موڕ دەبووەوە، ئەمجارەش تەنیا خەمگین نەبوو بەلکو بێ هیوا و نائومیدیشی زۆر بووبوو،دیسان ڕابووردووی جوان و پڕ لە شادی و خۆشی ڕۆژگارانی هاتەوە یاد،ئەو دەرو دەشت و هامۆنەی وا ئێستاکە گۆڕاوە و بووە بە بە بیبانێکی وشک وبرینگ و دور لە شادی و خۆشی جاران،ئەو کات هەستی بەدلەو گوناهەوە دەکرد،بۆیەکە دیسان دوو دلۆپ فرمێسکی لە چاوە جوانەکانی دهاتە خوارەوە و بەردەبۆوە ناو ئاوی کانیە زولال و بێ گەردکە و چەند شەپۆلێکی لە ڕووی ئاوەکەوە دروست دەکرد. –لەو کاتەدا ئاوازێک هات و گوتی: ئەی چاوبەناز خەمگین دیاری؟ -چاوبەنازیش گوتی:.

ماویەتی بۆ ژمارەی ئایەندە

---

ئایا دەزانی؟ کە هێرس لە وەرزی زستاندا لە کوێستانانی کوردستان دەچێتە کونە ئەشکەوت و تا بەهار لێی دەنوێ و نایەتەدەرەوە.

## پەنــدی ژیـــان :

مندالانی خۆشەویست و ژیرو ئازیزەکانمان کوردیش وەکو هەموو گەلانی جیهان خاوەنی پەند و پەیڤی پڕ لە نرخ و جوانی پێشینیانی تایبەتی بەخۆیەتی که مرۆ دەیانخوێنێتەوە پێ سەر بڵندو سەربەز دەبێت ،خۆ وەرگرتنی پەند لەو هەموو گۆتنە شیرینانەی باوانمان ئەرکی هەموو ڕۆلەیەکی کوردە و دەبێ بە دڵ وبەگیان تا دەتوانین پەند وەر بگرین و دڵی خۆمان شاد بکەین ، ئەم پەیڤ و وتە جوان و شیرین و پڕ لەنرخانەیپێشینیان که لە باوک و باپیرانمانەوە بۆ بەجێ ماوە ، هەر پەیڤێک لەو گۆتە کوردیانەمان گەوهەرێکەو بۆژیان و گوزەرانی سەر بەرزانەی ڕۆژگارانمان زۆر پێویستن ، سا دەبێ ئێمەش پەندەکانی باب و باپیرانی خۆمان بخوێنینەوەو لە گویی خۆمان دا ڕایان بگرین و پەندیان لێ وەربگرین تاکو بتوانین بە سەربەرزی و سەر بڵندی بژین و تا مردن لە ڕێگەی خزمەت بە کوردو کوردستانی خۆمان هەرگیز نەسرەوین و دوور بین لە هەموو خەراپەو خەراپە کاریەک ، هەرگیز لە ریگەی خزمەت بە نەیارو داگیرکەرانی کوردستان ساتێک نەژین دوور بین لە هەموو خیانەت و هەتا مردنیش نەفرین لە دوژمنان و خۆفرۆشان و هەموو ئەوانە بکەین که لە ڕێگەی چەوت دژ بە کوردو کوردستانی زێدی باپیرانمان دەڕۆن و نۆکەرایەتی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دەکەن وبە کرەووە هەست و بیرو خامە چەپەلەکانیان لە خزمەتی نەیارانی کوردو کوردستان دان، هەرکێ پەند لە ژیان وەربگرێت هەرگیز توش بە کوێرەوەری و ڕەج و ئازار ی ڕۆژگاران نابێت ، هەر بۆیەشە که من ئەم حەمکە پەندەم کۆ کردۆتەوەولە سەر شێوەی هۆنراوە هۆنیتمەوە که لێرە دا هەر وەک ژمارەکانی پێشوو چەند بەیتێکتان لەو هۆنراوەنەم بە ناوی پەندی ژیان پێشکەشتان دەکەم و بە ئارەزووم که باشیان بخوێننەوەو قەت لە یادیان مەکەن و پەندیان لێ وەر بگرن چونکە وەرگرتنی پەند بۆ مرو تا بڵێی بەسوودەو هەر کەسێ که گوێڕایەلی پەندەکانی باوک و باپیرانی بێت ناخلسێت و توشی بە هەلە کردن و گیرو گرفتەکان ڕۆژگاران نابێت و ژیانێکی پڕ لە سەربەرزی دەباتە سەرو لە هەلەو کاری نارەو هەمیشە دوور دەکەوێتەوەولە گەل یارو دۆستان و هەڤالانی خۆی لە ژیانێکی پڕ لە سەربەرزی دەژیت پەندە کانیش ئەمانەن :

خۆشـــــەویســتانم ئارامی گیانم
هاوســــەری پاک و هاوڕێی ژیانم
خونچە گولانی باغـــەکەی ئەوین
بینــــای چاوان و ئارامی بـــرین
هیواکانی من جگەر گۆشــــــانم
سـەبووری دووری وخەم ڕەوێنانم
خونـاوەی گول و ئـارەزووی ژیانم
گوفتار شـــــیرین و تاوی بەیانم
ڕۆناکی ڕوونی ئەم دەروونـەی من
ئاوازی شـــــادی بۆ ژیانی من
هیوای ئازیزم ژیرو هوشــــیارم
پـــزکـی ژان و زام و ئــــازارم
هەتوانی برینم ڕۆلەی شـــیرینم
گولی بۆن خۆشی ژیـــان وئەوینم
کاکە هێمن گیـان هەتـــوانی دڵم
کوڕی دوارۆژو گولی ســــەرچڵم
ئەی گوڵە هێـــــرۆی باغی ژیانم
هۆگـــــری دلی پڕ لە گـــریانم
هێدی ئازیزم جـــــــوانتر لە گوڵ
سۆمای چاوان و هـــێزو گوڕی دڵ
کاکە هەلێـــــرم گـولی ناو مـالم
سەبووری دووری سالەهای سـالم
جگەر گۆشــانی جوانتـــر لە گوڵ
بینــای چـاوان و ئازیـــزانی دڵ
گوێم لێ ڕابگرن چیــتان پێ دەلێم
بۆسەربەرزی ژینلەگەلتان دەدوێم
ئەوەی لێرانە وا دەینوســــــــەمەوە
پەنـدی ژیانن بیرتان نەچنـــەوە
ئێـــــوە بەرهەمی ڕۆژگاری ژینمن
هیـــــوای ئەم دلەی پڕ برینمـن
من کەوا ئێـــــوە نامـــۆ دەبینم
جەستە ژان و خەم و بـــــرینـم
بە ئێوەی شــــیرین گەش بینەدڵم
کە ســــــەربەرز بن بۆدین و گەڵم
من کەوا دوورم لە کەس وخـزمان
لە دایک و خوشک وبـراو باوانمان
هۆی خۆشـــەویستی گەل و وەلاتە

بۆ لاپەڕە 8

که ساڵههایه بیانیم خەلاتە
سەربەرزم بەوەی کەواسەرشۆڕ نیم
دژی وەلات و سەربەخۆیی نیم
لە ڕێگەی گەل و کوردستانەکەم
بویمە ئاوارەی دوورە وارەکەم
ئێمە کە کوردین بێ مافین لە ژین
زۆر لە مێژ ساڵە بۆ ژیان دەمرین
لە ڕێگەی خاکی کوردو کوردستان
قوربانی دەدەین بە دل و بە گیان
هەرکێ بۆ گەل و خاکی خۆی نەبێ
هەردەم سەرشۆڕەوبێ ئەمەک دەبێ
مردن لە ڕێگەی سەربەخۆیی بوون
چێترەلە ژیانی ژێر دەستەیی بوون
ئەمن پەیمانم داوە لە ژیانم
کەوا سەرشۆڕی وپەستی نەروانم
هەتاکوجەستەم گیانی تێ ما بێ
لە ڕێگەی گەل ونیشتمان دەبێ
سەربەرز دەژیم تاماوم لە ژین
دەبمە قوربانی کوردی دڵ برین
گەر لە ڕێی کوردو کوردستان نەبێ
گیانم بۆچیە لە جەستەم دابێ
ئازیزانی من خۆشەویستانم
تێکۆشن هەردەم بۆ کوردستانم
بە ئێوەش شادە دلی برینم
کەگشت قوربان بن لەڕێی زەمیم
مەرامم خۆشی وسەربەرزی کوردە
بەختەوەری من ڕزگاری هەردە
بۆ نیشتمانم خۆم بەخت دەکەم
شەرتبێ تادەمرمسەرشۆڕی نەکەم
چ لە خاکی خۆم یا دەربەدەر بم
گیان بەقوربانی کوردستان دەبم
لێرە لەم دوورەی زۆر لە مێژینەم
ئێوەن ئارامی ئەم گریەو ژینەم
ئێوەن هۆگری دل و گیانم

سەبووری دووری پڕلە گریانم
ئێوە هەمووتان ساریژی زامن
سەبووری دلی دوورە خاکمن
گەر ئێوە ڕێگەی سەربەرزی بگرن
هەرگیزبەپەستی وسەرشۆڕی نامرن
منیش سەربەرزم بە بەرزی ئێوە
بەناو و دەنگ و هێژایی ئێوە
قەتڕێگەی چەوتی ژیانتان مەگرن
بەپەستیونزمیوسەرشۆڕی مەمرن
گوێ بگرن لە من چیتان پێ دەلێم
بۆ ئێوە پەندبێ ئەوەی کە دەیلێم
هەمیشە لە ژیان پەندان وەربگرن
خراپەوێل کەن، ڕێگەی چاک بگرن
ئاواتم وایە کە گوێ ڕایەل بن
دوورە ئازارو بێ گریەو خەم بن
بخوێنن فێر بن کوردی بنوسن
نەخشەی کوردستانهەردەمڕاموسن
لە هیچ کاتێک دا خۆ لە یاد نەکەن
زمانی زگماکی کورد لە بیر مەکەن
کەسێ کە وەفای بۆ خۆیی نەبێ
نامەردو پەستەو شەرمەزار دەبێ
بەهیوام کەوا هەر سەرفراز بن
ڕۆلەی وەلات و گەل و کەستان بن
قەت چاو لە نزمی مەکەن بۆ ژیان
مەبنە داردەستی دوژمن بۆ گریان
تەمای من پێتان بۆ نیشتمانە
بۆڕزگار بوونی گشت کوردستانە
ئێمەش وەک گەلان ئازادە بژین
سەربەخۆبین و بۆوەلات بمرین
هەولدەن لەڕێی یەکبوونی گشتی
تاکوردڕزگاربێ وهەیبێ سەربەستی
لە ڕیی یەکگرتن هەردەم تێکۆشن
شەرابی خیانەتهەرگیز مەنۆشن
ئێوەنە گولی باغی سەبەی ژیان

خونچەی جوانی ئەمڕۆکەی زەمان
گول بن هەمیشە بۆ قەوم وارتان
قەت مەبنەدرکی ڕێگەی هەوارتان
بزانن هەموو چاک گوێ ڕابگرن
پەند وەربگرن و سەربەرز بمرن
وادەنوسمەوە ئەم شیعرە بۆتان
پەندی ژیان بێ بۆ بەرزی بوونتان
خوناوو هیواو ڕۆناکی ژینم
هێمن وهێرۆ و هەتوانی برینم
هێدی شیرین و هەلێری دڵم
گوێ بگرە لە پەند گوڵی سەر چڵم
هەرکێ کە ژیرو وریاو زانابێ
لەڕۆژگاری دوون قەت داماو نابێ
کێ کەوا لە ژیان پەندان وەرگرێ
هەرگیز بێ نەواو بەدبەخت نامرێ
وا منیش دەلێم پەند بۆ هەمووتان
تاسەربەرزبن لە ڕێی کوردستان
یەک بگرن هەردەم لەگەل یەکتری
تادوژمن بمرێوخزم وکەس نەگری
یەکگرتن مایەی سەروەری بوونە
ڕزگاری گەل وسەربەخۆ بوونە
تێکۆشن ئێوە سەربەرز و مەردبن
دوورە ئاژاوە و گیر و گرفت بن
ترسنۆک مەبن هەردەم لەژیانتان
سەرتان شۆڕمەکەن لەڕێیوەڵاتتان
ڕەفتاروهەست و گۆتەو بەرز بێ
تا سبەی ڕۆژتان هەرسەربەرزبێ
ئەمانەی دەیلێم بۆهەموان پەندە
لەیادیان مەکەن شیرین وەکقەندە
تاهەن لە ژیانتان ساویلکە مەبن
زوو باوەڕمەکەن بێ بڕواش مەبن
پەند وەر بگرن وڕێزی گشت بگرن
ڕێگەی ناڕاست وناپاکان مەگرن
ماویەتی بۆ ژمارەی ئایەندە

**مامۆستا جەمال خەزنەدار: پاشماوە:**

دەقی نوسراوەکەی کە مامۆستا جەمال خەزنەداری هێژا بۆی نوسیوین وا بۆتان بڵاو دەکەینەوە :مامۆستا جەمال نوسیویەتی دەڵێت:لە سکرتێری نوسینی گۆڤاری (ئەستێرە)ە بەغدا سالی 1975 ەوە بۆ بەرێوەبەری گۆڤاری (خالخالۆکە)ی بەرلین سالی 2000.

پەپولە ڕەنگاو ڕەندەکانی کوردستان: ئومێدمان وایە کە (خالخالۆکە) ی مامە ئەحمەد دەشـــتی کە پێشکەشتان دەکات سەبووری هاڤیبونتان سوک کاتەوە و بیرەوەری کوردو کوردستانتان لە بەرچاو بگرێ و مێشک وهۆشتان بە زادەی باب و باپیران دۆش بداو هێزو هەناوتان بەبەهەشتی کوردستانی ڕەنگین زاغ بدات.

پیاوە دەست ڕەنگینەکانی ڕۆژانی داهاتووی کوردستان: دەمێک بوو بەلێنم بە مامی خۆشەویستتان ئەحمەد دەشتی دابوو کە باس و خواسی گۆڤاری (ئەستێرە)ی سالی 1975تان بۆ بگێڕمەوە (ئەستێرە) خوشکی گەورەو خنجیلانە و ڕەنگاو ڕەنگی (خالخالۆکە)ی ئێوە بوو کە پاش کارەساتی شۆڕشی ئەیلول ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە قانگ دانی زارۆکانی کوردستان بە زادەی هەول و تێکۆشانی باب و باپیرانمان لە بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئەدەبی و ڕۆشەبیری دا.کومەلێک هونەرمەندی تەشکیلی و نوسەرو ڕۆژنامە نوسی کوردی لە بەرێوە بەرایەتی گشتی ڕۆشەبیری کوردی دا کارمان دەکرد، ئەوبەرێوەبەرایەتیە یەکێک بوو لە دەستکەوتەکانی پەیمانی 11 ئازاری مێژوویی لە سالی 1970 دا کە بابی گەورەمان مەلا مستەفا بارزانی بە سایەی شۆڕشی ئەیلول و زەبری بازووی ڕۆلەکانی کورد چۆکی بە کاربەدەستانی عێراق داداو ئەو پەیمانەیان بۆ ئیمزا کردن کە دانان بە مافی ڕەوای کورد وو ، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، پرۆژەی گۆڤارێکی مانگانەی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ زارۆکانی کورد هاتە ئاراو دامەزراندن ، بڕیار درا ناوی بنێین( ئەستێرە)کە بەندەی خاڵتان بووم بە سکرتێری نوسین و بەرێوە بەری،بە هەول و کۆششی هەموان توانیمان لە مانگی مایسی سالی 1975 دا ژمارە یەکی گۆڤاری (ئەستێرە) بە سی و دوو لاپەرەی ڕەنگاو ڕەنگ و بە تیراژی 10000هەزار دانە پێشکەشی زارۆکانی کورد بکەین و لە سەرکتێبخانەکانی شاری کەرکوک ، هەولێر ، سلێمانی، دهۆک،کۆیە، ڕانیە،کفری، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، ڕەواندز، خانەقین،چەمچەمال ، شێخان ، دیبەگە ، و گوێر بۆ فرۆشتن بڵاوی بکەینەوە کە لەماوەی یەک هەفتەدا ئاگادار کراینەوە کە هەموو گۆڤارەکە فرۆشراون لە بازار چنگ ناکەوێت ، ئەم کارە وای لێ کردین کە چالاکانە بکەوینەبەر ژمارە 2 دووی مانگی حوزەیران بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی دا لە چاپخانە ڕاپەڕێنین.ڕۆژی بڵاو کردنەوەی ژمارە2 دیار کرابوو،بەلام بەداخەوە ڕۆژێک بەری بڵاو کردنەوە لە لایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقەوە ئاگادار کراین کە بۆ فرۆشتن لە بازار بڵاوی نەکەینەوە و ڕای گرین،ئێمە هەر ئەو ڕۆژە بە پۆستەو بە دەست ، بەشی دام و دەزگای ڕاگەیاندن و ئەدەبیەکان و ڕۆشەن بیریەکانمان بڵاو کردەوە،ەر هەرچەندە کە ئەو ژمارە2 وە لە بازاڕ بۆ فرۆشتن بڵاو نەکرایەوەو پاشان دەستی گیرایە سەر و ناردیانە فابریقەی دروســـــت کردنی قاقەز بەلام ژمارەیەکی زۆر گەیشتە دەست نوسەر و ڕۆشەنبیران ، بەپێی ئەو پلانەی کە لە لایەن بەرێوەبەری گۆڤاری (ئەستێرە) و چاپخانەی کەنعان ڕێکخرابوو و داندرا بوو دەبوایە پێشەکی کەرەستەیَ سەرەکی و ناوەرۆک بۆ سێ ژمارە پێشکەش بە چاپخانە بکەین بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی دا ژمارەکان بڵاو بکرێنەوە لە بەر ئەوە ئێستاکە بە شانازیەوە 3 ژمارەی چاپ کراو لە گۆڤاری (ئەســتێرە) تەنیا لە ئارشـــــیفخانەیَ ڕۆژنامەگەری

بچۆ بۆ لاپەڕە دە 10

ڕۆژنامەگەری کوردستان بەنازەوە پارێزراوە و ژیان و سەر بوردەی ژمارە 1،2،3لە ئینسـاکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە تیپی (ئەلف-هەمزە)باس کراوە کە ئەم بەرگە ئامادە کراوە بۆ چاپ. پەپولەکانی کوردستان پێش ئەوە لە بیری بکەم با ئەوەشتان بۆ باس بکەم کە لە تیپی (خ=X)ی ئەم ئینسـکلۆپیدیایە دا (خالخالۆکە)ی ئێوەشـــــم لە یاد نەکردووە و ئاورێکی مەوزو عــــیانەم لێ داوەتەوە و چالاکی‌یەکانی مامە ئەحمەد دەشـــــتیشم لە بواری ڕۆژنامە گەری منداڵان و پەرەسەندن خستۆتە بەر چاوان و نرخاندووە. پەپولە ڕەنگـاو ڕەنگەکانی کوردستان ئەستێرەی خوشکی گەورەتان هەرچەندە کە ژیانێکی کورتی بەسەر برد و تەنیا 3 ژمارەی لێ بڵاو بۆوە،بەڵام بە شـــێوەو ناوەڕۆناک دەولەمەند و بەر چاو بوو.نا بەلکو شۆڕشێکی تازە بوو لە بواری ڕۆژنامەگەرِی زارۆکانی کورد دا.لە ســـەر قاقەزێکی لوس و بریقەدار بە32لاپـــــەرە و قـــەوارەی 30x22سم ی ڕەنگاو ڕەنگ چاپ دەکرا ..ئەو ژمارانە ئامۆژگاریەکانی مام هێمنی شاعیر و نەمر حوزنی موکریانی و ڕۆژنامە نوس موحەممەد ئەمین زەکی مێژوو نوس و قەلەمە ڕەنگینەکانی نوسەر و شـــــاعیرو هونەرمەندانی کوردستانی 1975ی لە ئامێز گرتبوو.بە داخەوە زۆر حەزم دەکرد هەندێ فۆتۆکۆپی ژمارەکان پێشکەش بە ئێوەێ خۆشەویست بکەم، بەلام لەم دووره وەلاتەدا ناوەرۆکی هەموو ئارشێفخانەی ڕۆژنامەگەری کوردستانمان لە بەردەست نیە،لە بەر ئەوە داوای لێ بوردنتان لێ دەکەین.

پەراوێزەکان :

1-ئەرشیفخانەی ڕۆژنامەگەری کوردستان پرۆژەییەکی‌مێژویی ڕۆشەنبیری کوردیە کەلە سالی 1973دامەزراوە خۆی لە ناو دەزگایەکی نیشتمانی کۆمەلایەتی گەورە دا خۆی دەنوێنێ ، بڕیار وایە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە شاری هەولێر چاو هەڵبێنێ ، ئەم دەزگایە بریتیە لە هەزاران هـــەزار گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاو کراوەی ئۆرگیناڵ و فۆتۆکۆپی ڕۆژنامەگەری کوردستان لە دەسپێکی ڕۆژنامە گەری کوردیەوە لە 22 نیسانی سالی 1898 تا سەرەتای چەرخی بیست و یەک.

2- ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەد سال دا پڕۆژەی دووەمی ئارشیفخانەی ڕۆژنامە گەری کوردستانە کە خۆی لە ناو 1800 تا 2000ڕۆژنامە وگۆڤار دەنوێنێ ئەوەش بەپێی ئەلفوبێی کـــــوردی.بەرگی یەکەمی ئەم ئینســــکلۆپیدیایە تایبەتە بە تیپی (ئەلف – هەمزە ) بریتیە لە ژیان و ســــەربوردەی 146 گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاو کراوەی ڕۆژنامەگەری کوردی.

زۆر سوپاس و ڕێزمان بۆ ئەوانەی کە هاوکاریمان دەکەن وبە بابەتی بەپێز و لەبار خالخالۆکەمان دەولەمند تر دەکە ن و بە وتارو هــــۆنراوە کانیان نـــــاوەرۆکی زیتر بە گۆڤاری خاڵخالۆکە بدەن ، بە هیواین کەهەمیشەلە بیرمان نەکەن وبابەتی زیاترمان بۆ بنێرن،و لێرەدا بەتایبەتی ڕێز و ســـــوپاسمان بۆ مامۆستا جەمال خەزنەداری هێژا هەیەو هیوا دارین کە لە لەمەودواش بۆ ناردنی بابەتی بەپێزو لەبار بۆ خالخـــــالۆکە لەیادمان نەکات ، لەگەل‌خۆشەویستیمان دا.

**بۆ پێکەنین**: چەند بەسەر هاتێکی مەلا مەشورتان پێشکەشە کە لە لەکتێبی مەلا مەشوری وەرگێردراو لە زمانی فارسیوە کە ئەحمەددەشتی وەرگیردراوەتە سەزمانی شیرینی کوردی و ئەمجارەش لە گەل چەند نوکتەیەکی تری مەلا ناودارەکە بەرینە سەر و بە چەند نوکتەیەک دڵی خۆمان شاد بکەین و بە بزەی سەرلێوان کوڕی یاران و هەڤاڵ و دۆستان پڕ لە سەفاتر بکەین و کەمێ بە خەندە زاخاوی مێشک بدەینەوە.

**چاویلکەی مەلا**:شەوێکیان مەلا زۆر بە هەراسانیەوە لە خەو ڕاپەڕی و بانگی مەلا ژنی کردو گوتی:ئافرەت زووبە بڕۆ چاویلکەکەم بۆ بینە،مەلا ژنیش کە زۆر بە نا ئارامیەوە لە خەو ڕاپەڕیبوو لە جێگەیخۆی هەستاو گوتی:عەینەگت بۆ چیە مەلا ؟ مەلاش لە وەرامی ژنەکەی دا گوتی: کاتێ کە من نوستبووم،سەفەرم بۆ شارێکی دوور دوور کرد،هەندێ شوێن لەو شارەدا تاریک بوو،نەمتوانی کە ئەو شوێنانە بەبێ عەینەگ ببینم،لەبەر هەندێکە دەمەوێ عەینەگم لە چاوان بکەم تابتوانم باشتر شوێنەگرنگەکانی ئەوشارە ببینم.

**خورما خواردنی مەلا** : مەلا چووە بازار و هەندێ خورمای کڕی،ئیتر بە دنکەوە خەریکی خواردنی خورما بوو، ژنەکەی مەلاش کە مەلای بەو شێوەیە دیت گوتی:مەلا ئەوە بۆ خورما بە دنکەوە دەخۆی؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی:مەگەر دوکانداری سەری کۆلان خورمای بەبێ دنک بە من فرۆشتووە ؟تا من ئەم خورمایە بەبێ دەنک بخۆم ؟

**زەڕینی کەری مەلا** : مەلا هەندێ پیازی لە کەرەکەی بار کردبوو و لە کوچەو کۆلانی شار بۆ فرۆشتنی دەسوڕایەوە،هەر چەند جارمەلا دەیەویست کە بانگ بکاتن بۆ ئاگادار کردنی خەلک و بێن ئەوپیازە باش و هەرزانەی لێ بکڕن،هەرکە مەلا بانگی دەکرد کەرەکەشی یەک بە خۆی دەزەری و نەی دەهێشت کە مەلا بەتەواوی بانگی وەرنە پیازان بکات و دەنگی مەلای دەبڕی، مەلا هەرچەند دەیەویست کە بانگی خەلک بکات بەلام بە زەڕە زەڕی کەرەکەی ڕوو بەڕوو دەبۆوە، مەلا لەڕەفتاری کەرەکەی زۆر زۆر تۆڕە بوو بوو،بۆیە بە کەرەکەی گوت:وەرە بزانم تۆ پیاز دەفرۆشی یامن ؟

**دەلێن ئەوانەی کە زۆرتر پێدەکەنن تەمەنیان درێژ ترە لەوانـــەی کەمتر پێ دەکەنن**

---

**مەتەلۆک**: گەر مەتەلان هەلێنی زیرەکی نایدۆڕێنی بیرکەرەوە بە جوانی سا مەتەلان دەزانی

1- ئەوەچیە هەتانەی بەســـــتیتەوە ناڕوات ؟. 2- ئەوە چیە نەپای هەیەو نەپانی بەخۆی دەستە سەربانی ؟. 3- ئەوە چیە بەهەمو کەسێکەوەیە ؟. 4- ئەوەچیەئەولاپەرژینئەولاپەرژین تێیدایە کوترێکی نەخشین ؟ 5- ئەوەچیە ئەولا دیوارئەولادیوارتێی دایەسەگێکی هار؟. 6- ئەوە چیە سایەقەی ساماڵ هەوری فەرەنگی دوو ئاو لە جامێ هەریەک لەڕەنگێ؟ .7- ئەوە چیە نە پێی هەیەو نە پانی بە هەموو ماڵان دەزانێ ؟. 8 – ئەوەچیە سپیەو لوسە و زلە؟. 9- ئەوەچیە سەری دەبڕی و بۆشی دەگری؟. 10- ئەوەچیە گلۆلە بایە هەڵم دایە قەت نەبڕایە 11- ئەوە چیە تاقەسوار دام لە دیوار بوو بە هەزار ؟ 12-ئەوەچیە هەندوکە بە دەندوکە لە پێش حاکمان دەلێی بوکە ؟

---

## ناو دارانی‌کورد: دلدار 1948-1918

گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان گەلێ کەسایەتی و ناودارانی خۆی هەیە کە هەمو ئەو



کەسایەتیانەی کوردیش خزمەتێکی زۆریان بە میژووی کوردو کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە کردووە،بە تایبەتی خزمەت بە میژووی ئەدبی و کەلتوری فەرەنگی کوردو کوردستان کە هەتا هەتایە مایەی شانزین و لە ماوەی ژیانیان دا کە توانیویانە گەلێ بەرهەمی بە سودو پڕ لە نرخ بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژی کوردستان جێ بێلن و وەک مێراتێکی مێللی کورد بۆمان بمێنتەوە و جێگەی سودی گشتی بێت و هەتا هەتایە کورد شانازیان پێ بکات لەو بەرهەمی زانستی و نوسینی بە سود و هۆزان و سرودی نیشتمانی و گەلێ زانیاری تر کە هەتا ئەمرۆکەش هەمیان جێگەی ڕێزی گەلی کوردن و قەت لە بیر ناکرێن و جێگەی سەربڵندی وخۆشەویستی کوردن ئەوان هەر چەند کە بە ڕوالەت لامان نەماون بەلام یادو بیرەوەری هەموو ئەو گەورەمەردانەی کورد هەرگیز لە دڵمان دەر ناچێت وبۆ هەتایە ناویان ون نابێت و لە دڵی کوردو کوردستان دا ناوی مەزنیان هەر زێندووەو قەت نامرن. ئەمجارەش بەرەو مێژووی ئەدەبی گەلی کورد پەرواز دەکەینەوە و ڕومان لەڕۆلەیەکی کە بەداخەوە بەلاویەتی گیانی بە کوردستانی خۆی بەخشیوە لە تەمەنێکی زۆر کورت دا ماڵ ئاوایی لە دۆست و هەڤال و یارو کوردستانی خۆی کردووەو هەر بە ڕوالەت لامان نەماوە و کە هەرگیز نامرێت و لەناو دڵ و دەرونی کوردستان دا هەر زیندووە، گەورە مەردی ئەمجارەمان شاعیری کوردو کوردستان و هەردەم لە ناو دڵ و دەرونمان دا نەمر (دلدار) ە کە هیچ کوردێک نیە ناوی ئەو سەروەرەی نەبیستبێت کە سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب) ی داناوە کە بووە بە سرودێکی میللی کوردو کوردستان و بۆ هەتایە ئەو سرودە میللیە لە ئاسۆی بەرزی کوردستان دا دەزرینگێتەوە کەوا دڵداری نەمر دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی‌کوردزمان
نایشـــــــکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆلەی ڕەنگی سورو شـــۆڕشین
ســـــەیریکە خوێنایە ڕابـــوردومان
ئێمە ڕۆلەێ میدیا و کەیخوســـرەوین
دینمانە ئاینمانە نیشـــــــــتمان
کەس نەڵێ کورد مـردوە،کوردزیـندوە
زیندوە قەت نانــــــەوێ ئاڵاکەمـان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشـــێر

بۆڵ13



بون بە قوربانی و هەمـوویان نێـژران –
لاوی ئێســـــــتاش حازرو ئامادەنە
گیان فیدانە گیان فیدانە گیـان فیدان
لاوی کوردهەستایە سەرپێ وەک دلێر
تا بەخوێن نەخشی بکـا تاجی ژیان
کەس نەلێ کورد مردوە،کوردزیندووە
زیندووەو قەت نانــــەوێ ئالآکەمان

با بە کورتی بزانی ئەو هۆزانوانە مەزنە کوردە کێیە؟

دڵدار نازناوی خودی شاعیرە کە ناوی خۆی یونس رەئوف مەحمودی کوڕی مەلا سەعیدە ، دڵدار لە رۆژی 20 شوباتی سالی 1918 لە شاری کۆیەی زێدی گەلێک لە گەورەمەردانی تری کورد لە دایک بوە و دایکی ناوی (زەهوە) بوە،دڵداری نەمر هەر لە تەمەنی چوار سالیدا توشی بەنەخۆشیەکی گران دەبێت ، لە سالی 1927 دەچێتە قوتابخانە کە ئەو دەمە تەمەنی 9 سالآن دەبێ تلە سالی 1934 لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە،لە سالی 1940 سانەوی تەواو دەکات و هەر لەو سالەدا دەچێتە دانیشگای ئەوقاتی و دیارە کە ئەو سالە واتە سالی 1941 بە هۆی نەخۆشی نەیتوانیوە بەشداری تاقی کردنەوەی پولی یەکەمی ئەوقاتی مکات،لە سالی 1945 کۆلیجی ئەوقاتی تەواو دەکات.لە سالی 1948 دا لە تەمەنی 20 سالی دا کوت و پڕ کۆچی دوایی دەکات و هەموو خزمان و نوسەران و شاعیرانی کورد بە هەوالی کوت و پڕی وەفاتی ئەو هۆزانوانە مەزنە دڵداری کوردستان دەتاسێن و بە پەژارە رێزیکی زۆرەوە لە شاری کۆیەی زێدی خۆی دا دەنێژرێت و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لەکوردو کوردستان دەکات ، هزارن سلاو لە گیانی پاکی ئەو هۆزانوانە مەزنەی کە بەهۆزانە نیشتمانیەکانی و بە تایبەتی سرودی (ئەیٔ رقیب) کە لەناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکە و سرودی ئەی رەقیب کە بووە بە سرودێکی مێللی و ەتا جیهان لە خول دابێت ئەم سرودە میللیەی کورد ئاوزە دلگیرەکەی بۆ هەتایە لە گوێچکەی گەلی کوردی خاک لێ داگیرکراوو دابەش کراو بە سەر تورک و عارەب و عەجەمان کهە سلەهای سالە کوردستان دەچەوسێننەوە و گەلی کوردیان بەبێ هەموو مافێکی میللی خۆی کردووە و تەنانەت زمانی زگماکیشمان لێ قەدەخەکراوەو بە هەزاران هەزار کوردی بێ تاوان لە ناو ماڵ و حالی خۆی دەرپەرێندراوەو خاکمان لێ تەعریب کراوەو هەتا ئەمرۆش لێ ناگەرێین کە کوردو کوردستان زگار سەربەخۆ بێتێکدڵداری نەمر هەر لە زوو دا چاوی بە چەوساوەیی و زولم و زۆرداری بەهسەر کوردستان هەڵدێنێ وبۆیەکە دەلێت ئەی رهقیب هەرماە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان.

دلداری نەمر جگەلە هۆزانە نیشتمانیەکانی گەلێ هۆزانی تری هەن کە ئەمەش یەکێکە لە هۆنراوەی دڵداری نەمر بەناوی ئومێد کە دەلێت:

چاوەکانم لێل و وێل بوو کو ستارەم دەرنەکەوت ؟
دڵ لە تاوی دەردی، گڵپەی سـەند هەر وەک نەوت
رۆژ هەلآت و زیندەگی دا گشتی عالەم کەوتە ئیش
چاوەنۆڕی ئوفقی دوورم رۆژیمن کوا؟ دەرنەکەوت
ئەی خودایە تاری نیگبەت کەی ئەبێ لاچێ خودا؟
تابەکەی چەنگچڕی منسا لەگەڵ تۆهەشتوحەوت
بەســــــــیەتی دڵدار زەمانی شعری بێ مەعنا نەما
هەڵسەچارەیدەردەکەت کەبێ تەفەکور رێ چەوت
بێتو ئەسپێ چەند ئەسیل بێ سواری چالاکی نەبێ
قابیلە دەرچێ لە مەیدانی جیــــــدال و جێگەرەوت

هەزاران هەزار شلاو لە گیانی ئەو گەورە مەردەوهەموو شامێرانی کوردوکوردستان .



منداله ئازیزەکان ئێوە جوانترین خونچەگولانی ناو مال‌وگولی زەنوێرانن،ئێوەهیوای دوا ڕۆژی گەل ونیشتمانن ، بۆ هەموو دایک و باوکێک ئاواتی سەر بەرزی و ژیانێکی تەژی لەبەختەوەری وشادین ، سا دەبێ هەمیشە ژێرو ورياو پاک و خاوێن بن ، چۆن کە دایک و باوک و براو کەسانی خۆتان خۆش دەوێت ، دەبێ ئاواش لە هەموو ڕۆژگارانی ژیانتان دا کوردستانی بەهەشتی زێدی باوک و باپیرانی خۆتان لە هەموو شتێک خۆشتر بوێ و هەر لە ئێستاوە فێر بن کە ئەگەر کوردستانمان نەبێت ئەوا کەسمان هیچ نین و قەتیش بێ کوردستان بە هیچ نابین، دەبێ نیشتمانمان لە هەموو شتێ لا گەورەتر بێت و بەزانین و زانیاریوە هەولی سەرکەوتن و نەمانی داگیرکەران بدەین و قەت خۆیی بە دوژمنان نەگۆڕینەوە و بۆرزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستانمان دا دەبێ گیانمان بکەین بە قوربان و قەت نیشتمانی خۆمان لە یاد نەکەین و بەلڵ وبەگیان سرودی ڕزگاری و سەربەخۆیی بۆ کوردستانی خۆمان بچرین و بلێین :

## هۆ کوردستان ئەحمەد دەشتی



هۆ کوردستانی خۆشـەویستی من
ئارامی دڵ و گیان و هەسـتی من
هەتا گیـــانم لە لەش دمـــابێ
قوربانی تۆمەژیانم پێشـکەش بێ
هەر دەبێ کەتۆ سـەربەخـۆبێ
خاوەنی ئالای شـەکاوەی‌کورد بێ
کوردسـتانەکەم کوردسـتانەکەم
قـوربانت دەکەم سـەرو ماڵەکەم
من پێشـمەرگەمە بۆتۆی شیرینم
بەقوربانت بێ گشت بوون و ژینم
کوردستان هەست وهۆش‌وبیرمی
کوردســـــتان ڕوگەو چاوو دینمی
داگیرکەرانی پەســـت و زۆردارت
دەخەمە ژێر پێم گشـت نەیارانت
نیشـــتمانی کورد دەبێ ڕگـــار بێ
کوردســــتانەکەم سەربەخۆ بێ

## خونچە گوڵانی زەنوێرانی کوردستان



هەلێر دەشتی



ئاران دەشتی



هەکار بندیان



جوانە جاف





کارین و ئارمان



میر خۆشناو



دیلمان خەلیل



دلیڤان خەلیل



دانا جاف



دلڤان خۆشناو

# چوار وەرزیساڵ

ئەحمەدەشتی







ســـــالی  ژیانم  دیارە چوار وەرزە
هەروەرزێ بۆخۆی بەجۆرێ تەرزە
پایزو زســــــــتان بە هار و هاوین
گۆڕانی سروشتە کە دێ بۆزە مین
مانگی ڕەزبەرم پایــــــــزم  دێنێ
گەلا ڕێــــــزانیش دار دەڕووتێنێ
پاشان ســــــەرماوەز دوای خەزانە
دوای پایزیش  وەرزی  زســــــتانە
کەزســــتانیش هات بەفران بارانە
هەواســـــارد دەبێ  کەوازســـــتانە
ســـــەرتاپای زستان بەفر و بارانە
لە دوای بەفرانبار  خۆی ڕیبەندانە
ڕەشەمەش کەهات هەوا  دەگۆڕێ
ئەویش‌کە ڕۆیی ســـەرما دەدۆڕێ
سـا ڕۆژی خۆشی نەورۆزی ژیـان
هەڵدێ ودێتەوەجەژنی کوردستان
جیـهانم هەمـووی رنگیـن دادێتن
سروشت بەتێکڕا نەخشین دەبێتن
مانگی گـــولانە و وەرزی دڵـــدارە
شـــادی لە دڵی گشت خاوەن یارە
سـا کەوا ڕۆیی مانگەکەی  گولان
جۆزەردان دێتن، دوای‌مانگی دڵان
مانگی هاوینە پوشـــــپەڕم کەهات
هــــەوا گـــەرمەبێ‌و هاوینەپڕ هات
مانگی خەرمانەوجۆخین دادەندرێ
جوتیاران شادن ڕەوسەبار دەکرێ
مانگی بەرهـەمی مێوەجاتیش دێ



کاکی خۆشـــناوم بە بارە تریّ دیّ
هـــــاوینیش دەڕوا دێتـــەوە پایز
مانگی ڕەزبەرەو پڕ مێـــوەی لەزیز
هەر وەرزی کە دیّ ڕۆلەی شیرینم
ســــەربەرزی گەل و یاران ببینم
ســروشتی ژیان بۆ شادی گشتە
بەزانایی بوون خۆشـــیت لە مشتە
بخــــوێنە هــــەتا زانــــایی بێنی
کیّ کە نەزان بوو ناکــــامی دێنی
وەرزی پایز و هاوین و زســـــتان
بکە بە بەهار بۆ ســەربەرزی ژیان
ئەوســـــاکە ئەتۆ بەختەوەر دەبی
لەگشت وەرزێکا قوربانی خاک بی
*

# فرۆکەی کوردستان

ڕۆلە ئازیز و شیرنەکانمان گەلی کورد لە مێژە چاوەڕوانیڕۆژێکەکە وەکو هەموو میللەتانی دونیا



خاوەنی خۆی و وەڵاتی خۆی بێت و بۆ ئەم مەبەستەش بە هەزاران هەزار قوربانی داوە تا بگا بەڕۆژی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان ، گەلی کورد کە ئەمرۆ ماوەی 12 سالی تەواوە وا لە سەر خاکی خۆی دا هەلی بۆ ڕەخساوەو کوردستانی باشوری خۆی بەڕێوە دەبات بە دەستی ڕۆلەکانی خۆی ئاوەدانی دەکاتەوە و لە شوێنی هەر بۆمبایەک دا گولێک دەروێنێ لە سەر خاکی خۆی دا لە ناو ماڵ وکاشیانەی باب و کالآنی دا دەیەوێ بە ئازادی و سەربەستی بژیت و کوردستانی پڕ لە ئارامی و ئاشتی بێت و داگیرکەرانی کوردستان لە ناو بچن و ئێمەش نیشتمانی خۆمان کوردستان بەرەو پێشەوە ببەین و ئەو هەموو زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەی کە سالەهای سالە بەسرمان دا سەپاوە لە ناو بچێت و کوردیش ئازادو شادان بژیت.ئەمرۆ کە فرۆکەی میللی کوردستان بە پەرچەمی ڕەنگاو ڕەنگی کوردستانەوە دەبینین موژدەی بەرەو ڕزگار بوونی هەمیشەیی کوردستانە و مایەی شسانازی گەلەلی کوردە کە سبەی ڕۆژ فرۆکەی کوردستان لەدەرەوە بۆ شاری هەولێری دێرین پەرواز دەکات و ئەم موژدەیە لە کوردستان پیرۆز بێت و دلّی هەموو کوردێک شاد دەکات و لە هەندەرانەوە یەکسەر بۆ نیشتامانی خۆمان کوردستان پەرواز بکەین.

بەهار بو فەسلی زســـــتانم ئەگەر یارم دەگەل بایە
درۆیە گەر گوتویانە بە خونچێـــکی بەهـــــار نایە. هێمن

## ئاژەلانی پەیڤگۆ:

زارۆکە شیرنەکانی دورەوەلات و پەپولەکانی گشت کوردستان لێرە ڕا لە ئاسۆی خالخالۆکەتانەوە چاوهجوانەکانتان ماچ دەکەم و هێوای بەختەوەری و شاد بوونەوەتان بە کوردستانێکی سەر بەخۆو ڕەهاو ئازاد بۆ هەر یەکێک لەئێوەی ئازیز دەخوازم کە هەموومان بە کوردستانی لە هەموو شتێکمان خۆشەویستر شاد ببینەوە، لێرە بە هۆش و زانینێکی زۆرەوە هەموو کردەوە باشەکان و زانست و زانیاریەکان فێر ببین و بۆ کوردســـــتانی ئازیزمانیان بەرینــــــەوە هـــــەرچی کە

خــــەراپەشە توریان بدەین و نەفرینـــــیان لێ بکـــەن و کوردســـتانی خۆمان بە زانست و زانیاری بەرەو پێشەوە ببەین ، ئازیزە خنجیلەکانم وا ئەمجارەش توانیمان بە هۆی خالخالۆکەتان پێک بگەینەوە و دەردی دڵی خۆمان لە گەل یەکتر بکەین و بە یەکتر شاد ببینەوە.با دیسان لەم ژمارەش دا پارچەیەکی ترتان لە هۆنراوەکانی کتێبی( پەیڤی ئاژەلان ) کە ئەویشم هەر بۆ ئێوەی ئازیز لە کتێبان و داستانەکانی خۆمان بە شێوەی هۆنراوە نوسیوەو وەرم گرتوون و کردۆمەتە کتێبیکی خنجیلەو جوان بە ناوی (پەیڤی ئاژەلان) کە ئەویشم هەر بۆ ئێوەی ئازیزنوسیوەو پێشکەشم کردوون.



### مەیمــــــــون

من مەیموونم زۆر شــادم
هەر لە نـــــاو دارو بـارم
لە ســـەر دو پێیان دەڕۆم
میوەجـــاتی زۆر دەخـــۆم
موی من دریـــــژ و بلاوە
جەستەم بەموو پۆشـــراوە
لە جەنگـــــــەڵ و بیابان
دەژیم من لەگەل دۆستان
مەیـــمونم منـــاڵم هەیە
بە شـــــیری من گەورەیە
خۆشـــم دەوێ منالی خـــۆم
شـــادن لە باوەشـــی خۆم
من جەنگەڵم خۆش دەوێ
بەنـدو زینـــــدانم نـاوێ
ژینم ئـــــــازادو ڕەندبێ
لەدەشـــــت وچیاودەربێ
ئێمـــــە دەژین بە کۆمـەڵ
لە بنـارو چـــیاو جەنگەڵ
مەیمون پێکەوە شـــــادن
کە لە سەرخاک ئـــازادبن
*

## ژیرو هوشیار

1- کەسانی ژیر هەمیشە کەم دوون و چاکە دەڵێن. 2- ژیر قەت درۆ ناکات 3- ئەوانەی کە ژیرن پەیڤەکانی خۆیان چاک دەجونەوەو ئەوسا دەری دەبڕن. 4-کە سێ کە ژیر و وریا بێت هەرگیز نا بەجێیی ناکات و هەموو پەیف و کردارێکی لە جێی خۆیەتی. 5- ئەوانەی کە ژیرن هەمیشە ژیانێکی بەختەوەرانەیان هەیە.6- 7-کەسانی ژیر هەرگیز خیانەت لە دۆستو یارو گەلی خۆی ناکات.8- دوژمنێکی زاناو ژیر لە سەدان دۆستی بێ ئەقل و نەزان چاک ترە. 9-بەردێکی نەزان و بێ ئەقلێک بیخاتە گۆمێکەوە بە سەدان ژیر و وریایان دەر نایەت. سڵاو لە ژیری و زانایی و نەفرین لەنەزانی و

**چـــاک ترین ژیـــانی هـــەر مرۆڤێـــک بە بوونی هـــۆش و زانیـــن و زانســـتە**

# هونەر مەندی مەزن و  نیشــتمانپەروەری کورد و کوردســـــتان شوان پەروەر



شوان پەروەر یەکێکە لەو هونەرمەندەمەزن و ناودارانەیکوردو کوردســـتان کە بەئاوازەشورشگێڕو پڕ لە سۆزەکەی هەر لەو دەمانەی کە هاتۆتە هەلێری خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەی و بە ئاوازە دوژمن تۆقێــنەکەی خۆی جێگەیەکی مــەزنی  بە ســــــرودەنیشتمایەکانی لە نا و دڵ و دەروونی گەلیکورد دا سەربەرزانە کردۆتەوەو وەک شۆڕشگێرێکی مەزن وخاکپەرەر هەتا ئەمڕۆش بەدەنگەزولالەکەێ خۆیگیانی پاکیکوردایەتی ونیشتمانپەروەری لە ئاســـۆی بڵندی کوردەواری دا  بـــــەرز کردۆتەوە، کێ بێت کە ناوی ئەو هونەرمەندە مەزنە کوردەی نەبیستبێت و لە رێگەی کوردایەتی دا شــــــانازی بەو ئاوازە ڕەسەنەو شـــــــۆشگیرپەی ئەم هونەرمەندە مەزنە کوردە نەکات؟ ئەم هونەرمەندە شۆڕشگێڕە کوردە هەتا کوردێ مابێت بە شانازی و سەربەرزیەویە یادی ئەو گەورەمەردە خەباتگێڕە دەکات، کە سرودە نیشتمانیەکانی و ئاوزە دڵگیرەکەێ بۆ هەتایە لە ئاسۆی بڵندی کوردەواری دا دەزرینگێتەوەو جێگەی سەربەرزی گەلی کوردەو بە هیواین کاکە شوانپەروەر تەمەنێکی  زۆر درێژی بۆ خزمەت بە هونەرو ئاوازی زولالی کوردەوار ی هەبێت و لەم ڕێگە مەزنەدا هەر و هەر سەربەرزو بەختەوەر بێت.

## دایک

لەهەموو کاتێ لە شەوانی تاریک دوونی ژیانم دا لە ژێر بۆردومباران و ناخۆشترین ڕۆژگارانی پڕ لە ڕەنج و ئازاران و شادیشم دا ساتێ نیە کە خۆشەویستی دایکی ئازیزم لە یاد بڕوات،هەموو دەمێ لە ناو هەست و بیرم دا لە خانەی خەیاڵم دا دایکی ئازیزم لە سەر ترۆپکە بەرزەکان وەدی دەکەم ، ئەو دایکەی کە منی وەدونیا هێناو  فێری کردم کە مەردو مەردانە بژیم نیشتمانی خۆم خۆش بوێ و هەرگیز سەرم بۆ نەیاران شۆڕ نەکەم فێری کردم کە لە رێگەی ڕزگاری و ئازادی سەربەخۆیی گەل و نیشتمانم دا هەردەم پێشمەرگەبم و گیان لە سەر دەستان بم ، بۆ سەربەرزی خۆم ،بۆیەکە لە ئاوازی هەر مۆزقایەک ،لە گەل دەنگی هەهر سرودێک لە گەڵ وزەی سروەی فێنک و بای هەر بەرە بەیانێک، لە گەڵ لێدانی هەر دڵە کوتەیکی شادی و ناشادیم ، لە زەمزەمەی شەوانی هێرش بۆ سەر دوژمنان و هێرشی دووژمنانی دڕندەم ، لە دەنگ و ئاوازی هەر گۆرانی و دەنگی مەلانی شەو و ڕۆژانم لە گشت ساتێ تۆم لە بیرە ئەی دایکی ئازیز و جوانتر لە هەموو بوونی ژیانم یادت دەکەم قەت و قەت لە بیرت ناکەم و تۆ دەبینم ئەی دایە گیان لەناو دەریای قولی ئازارو خەمانیش هەر دەتپەرستم بە یادی تۆوە دەژیم هیچ خۆشەوێستێ وەک تۆ نیەو بە تۆوە بەختەوەروسەربەرزو خەندانم.

**زانا بوون  گەورەتین  گەنجی  ژیانە بۆ مروڤ کە بە زانایی و زانست دەتوانێت ئازادو ڕزگارو ســـەربەخۆ بژیت.**





# تابلۆكانی هونەرمەند خوناو دەشتی

خوناو دەشتی یەكێكە لەوهونەرمەندانەی كە ماوەیەكی زۆرە دەستی داوەتە كاری هونەری و گەلێ تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ لە جـــــوانی و مانای بەپێزو لە باری داڕشتوە ،كە تا ئێستا چەند جاران بەشداری لە پیشانگای هونەری لەشاری بەرلین داكردووەو خەلكێكی زۆربۆ دیداروبەشداری لەو پیشەنگایەدا هاتون و جێگەی دڵخۆشی هەموان بووەولێرەدا ئەم چەند نمـــونەیەكتـــان لەو تابلــۆیە بەنرخانە و ڕەنگــینانەی هــونەرمەند خوناو دەشتیتان پێشـــان دەدەین















هونەر بۆ هەر مێللەتێك گەنجێكی پڕ لە نرخەو هەرگیزلەكڕین نایەت.

## خالخالۆکە

لە زمانی ئێمەی کورد دا ناوی خالخالۆکە ناوی باڵنـــدەیەکی ڕەنگین و جوانە کە گۆڤاری خاڵخالۆکەمان بە ناوی ئەو ئەو باڵنـدە شــــــــــیرینە کردوە ، کەگـۆڤارێکی وەرزیە و لەگەڵ هاتنی هـەر کەژێکی تـازەی ساڵ دا دەردچێت و بۆ خزمەت بە هەموو خوێنـەرێکی کـوردی ئازیزە و بە تایبەت زارۆکە خۆشەویستەکانی ڕۆلەکانی دوا ڕۆژی گەلی کورد و کوردستان،کە بە هیواین توانیمان لەرێگەی ڕۆشەنبیری دا لەم 12ژمارەی دەرچوو و خزمەتێکمان کردبێت و لە دا هاتوش دا بتوانین‌کەخزمەتێک بکەین و لە زیاتر پەرەی پێ بدەین.

## ســـەگ و خاوەن



لەوەلاتانی ئەوروپادا سەگ وەک مناڵ بەخێودەکرێت. زۆر جاران دەبینی کە سەگ وخاوەن زۆر پێک دەچن و لێک دەوەشێنەوە جا چاک بـڕوانە چارەی‌ئـەم سەگە و ئەم کابرایەی خاوەنی ئەم سەگەکە چەند پێک دەچن.

## قەلای‌هـەولێری دێـــرین



دەلێن‌شـارو قەلای‌هەولێـری دیرین لەکون‌ترین شـــارو قەلای جیهان دەژمێردرێن.

### چـــەند ڕوداوێـک لەم مانـگەدا

- 1936.9.6 ڕۆژی ڕەشی شاری بەر دەرکی سەرا سلێمانی شاری هەڵمەت وقوربانی.
- 1960.9.9 کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی‌کورد لە شاری شەقلاوە.
- 61.9.11 هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلولی مەزن و ئازادیخوازی کورد.
- 1971.9.29پیـــلانی بەعسیە دڕندەکان دژی گیانی پاکی بارزانی نەمر.
- 1996.9.26 دامـــــەزرانـــدنی کابینـەی ســێیەمی حکومەتی هـەرێمی کوردستان لە هەولێری دێرین دا.
- 19399.2 شــــەڕی دووەمی جیهانی هەلگیرســـا.
- 1961.9.23 ڕژێمی عێراقی دڕندە روخســــــەتی کار کردنی لەپـــــارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە .
- 1942.9.6 دامەزراندنی کۆمـەلەی ژیانەوەی کورد .
- ئاوڕدانەوە لە ڕابوردو و لە هەموو تاڵی و شیرینیەکان زۆر پێویستەبوپەند وەرگرتن.

## ئالای کوردو کوردســــــتان



من ئالای‌کوردم‌گەلێ خۆش دەوێ
سەربەرزی کورد و کوردستانمەوێ
دەبمە قوربانی هەتا ســـەرکەوێ
کوردیش لەجیهان ناوی دەرکەوێ
هەست و بیری من تەنیا بۆ کوردە
بۆســەربەخۆیی و ڕزگاری هەردە
کوردستانی من هـــەواری گوردە
زێدی شـــامێرو کوردانت مەردە
تا ســـەربەخۆیی و ڕزگاریم نەبێ
هەرگیز ئارامی و قەت شادیم نابێ
بۆیە پێشـــمەرگەم تا ئازادیم بێ
ئالای‌کوردستان لەسەرسەران بێ

## هونەرمەندی کورد فوئاد ئەحمەد

بە یادی وەفاتی هونەرمەندی مەزنی کور مامۆستا فوئاد ئەحمەدی نەمر کە لە غوربەت و ئاوارەیی دا وەفاتی کردوبۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی



لێمان کرد،بەلام دەنگە زوڵاڵ و پڕ لە سۆزەکەی بۆهەتا هەتایە هەر زیندووە و قەت نامرێت،پرسەی خۆمان بە کەس و کاران و تەواوی خزمان و هەموو کوردێک ڕادەگەیێنین و لە یەزدانی مەزن دەخوازین کە جێگەی بەهەشتی بەرین بێت و خوا سەبووری خزم و کەهسان و ماڵو منداڵانی بدات .هەزاران سڵا لە گیانی پاکی کاکە فوئادی هونەرمەندی مەزنی کورد کە بۆ هەتا هەتایە دەنگە پڕلە سۆز و زوڵاڵەکەی لە کوردستاندادەزرینگێتەوەوناویشی‌هەرگەشەدارە.